# رووداو . . و . . گۆڕانكاری له نێو ساڵنامەی كوردیدا

ئامادەو كۆكردنەوەی :
رۆستەم باجەلان

هەر لە دێر زەمانەوە كورد لە ناوچەیێكی شاخاوی ژیاوەو نیشتەجێ بووە ، دوای ئەنجامو تاقیكردنەویێكی زۆریش سوودێكی زۆری لە رووداوەكانی سروشتی دەوروبەری خۆی وەرگرتووە ، بەپێ ی ئەم رووداوانەیش توانیویێتی پسپۆڕانە چەند رووداو . . و . . گۆڕانكارێك لەنێو ساڵنامەی كوردیدا بدۆزێتەوەو بیخاتە ناو قاڵبی قسەی نەستەقو شیعرەوە . ئەمانەی خوارەوەش تابلۆێكی لەم رووداو . .و . . گۆڕانكاریانە :-

١ - رەشەمە رەش‌و تووشە
نە(كا)ماوە نەپووشە
كەران هەر لووشە ،لووشە
٢ - رەشەمێ رەشە میان
دەغڵ بڕاوە لە كەندووان
بەشەر دێنێ بووكو خەسووان
٣ - رەشەمە رەشكی رووان
بەتار دەكا چارو كەندووان
بەشەر دینی بووكو خەسووان
رۆژ دەبێتە سار [1]
نان دەبێتە نار [2]
زگ دەبیتە جوار [3]

٤ - رەشەمەو ئادار
دوونە دەبنە چار
زگ دەبیتە جوار
پیاو دەبیتە بەقار [4]
كان دەبیتە عەبدار [5]
نان دەبێتە نار
٥ - لە حەفدەو هەژدەی ئاداری
مەلەك دێتە خواری
دەنگ دەكا لە بوهاری
بەفر دەكەوێ هەتا گوێ ی‌داری
نامینی هەتا ئێواری
٦ - مانگی ئاداری

بەفر دەباری
هەتا گلۆێكی داری
نامێنێ هەتا ئێواری
٧ - مێردەم دەبێنێ
ئۆغەن دەشكێنێ
٨ - ئادار ناچیتن بەبێ دۆ
نیسان ناچیتن بەبێ جۆ
٩ - هاوینە
دارو بەردی زێڕینە
١٠ - روون بڕا لە كوزی
چارە نی‌یە بەبوزی
١١ - رۆژی لات

هەمو ورات [٦]

١٢ – پیت
لە خوێ ڕیت

١٣ – بیستویەك كەرەی گۆرانی
كەری بردە سەر كانی
كورتانی هیناوە بەشانی

١٤ – هەور رۆیی (لۆ) [٧] بادینان
خوێد (هەركوتە) [٨] لۆ كادینان

١٥ – هەور رۆیی لۆ بادینان
لاقان (هەركەن) [٩] لۆ كادنیان

١٦ – هەور رۆیی لۆ بادینان
سۆران چونە ناو كادینان

١٧ – هەور رۆیی لۆ شارەزور
كاروان برۆ لۆ ریگەی‌دوور

١٨ – پیتو پالۆز
سال بوو ئالۆز

١٩ – خدرە یلاس
سال خەلاس

(١) – تێبینی : بۆ دانانی ئەم تابلۆیە سوود لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستان وەرگیراوە .

٢ – فەرهەنگۆكە :
١ – سار : سال
٢ – نار : نال
٣ – جوار : جوال
٤ – بەقار : بەقال
٥ – عەبدار : عەبدال
٦ – ورات : ولات
٧ – لۆ : بۆ
٨ – هەركوتە : هەلكوتە
٩ – هەركەن : هەلكەن

# سەربەخۆ بوونی دەروونناسی

سایكۆلۆژیا : ئەم زاراوەیە لەكوردیدا بە مانای دەروون ناسی یان دەروونزانی دێت . مانای پڕاو پڕی ئەوە ، لە لێكۆڵینەوە بەدواگەڕاندا . لەناوەڕۆكدا ، بەمانای (لێكۆڵینەوە لە ناوەوەو هۆش‌و ئەو گۆڕانانەی بەسەر ناخی مرۆڤدا دێت . هەروا ئەو كارلێكەرانەی كار لە هەست‌و هۆشی مرۆڤ دەكەن لەلای ئینگلیزەكان ئەم دارشتنەی Psychology هەیە لەلای یۆنانی‌یەكان ووشەی (یوخی) بەكاردەهێنرێ بە مانای (ئەو هەوایەی هەڵی دەكێشین) لەڕووی بەكارهێنانەوە ووشەی سایكۆلۆژیا لەلایەن گۆكلینوین . لە ساڵی ١٥٩٠دا بەكارهێنرا بۆ ناونیشانی یەكێك لە كتێبەكانی ، هەروا مالنكتونیش بەكاری هێنا . بەڵام باشترین بەكارهێنان لە سەدەی هەژدەم بوو . لەلایەن (كرستیان ڤولف) بە ناوی (سایكۆلۆژیای ئەمپیریكا) لە ساڵی ١٧٣٢ (سایكۆلۆژیای راسیونالس) لە ساڵی ١٧٣٤ پاش ئەوە فەیلەسوف (كانت) دەستی پێوە گرت‌و بەشێوەیەكی چاك بڵاوبووەوە ، بەتایبەتی لە لایەن مین‌دی‌بیران و هاربەرت كە هەوڵی گەورەیاندا . سایكۆلۆژی لە فەلسەفە جیابكەنەوە وەكو بەشێك لە زانستە سروشتی‌یەكان لێی بكۆڵرێتەوە ، شتێكی ئاشكرایە هەر لەسەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە پێش ئەوانیش . تا دەگاتە دانانی لابووری لابیزگ لە سەردەستی ڤۆنت لە ساڵی ١٨٧٩ .

توێژەرەكان لە ڕوانگەیەكی فەلسەفی‌یەوە بۆ دەروون ناسی دەچوون و لێیان دەكۆڵی‌یەوە لەوسەردەمە هیچ فەیلەسوفێك نەبووە دەستی بۆ درێژ نەكات . هەوڵدانی زانایان لە سەدەی نۆزدەم ئەوەبوو . دەروونناسی لە فەلسەفەوە دابڕێت‌و گۆڕەپانو زاراوەی تایبەتی‌و بۆچوونی خۆی هەبێت‌و لە میتافیزیك‌و تەرمایی (وهم) جیای بكەنەوە كاتێ كە تەماشای دەروونناسی دەكەین دەبینین لە نێو كۆشی فەلسەفەدا بووە . ئەمە ئەوە دەگەیەنێ كەوا ئەم زانستە لە كۆتایی سەدەی نۆزدەم گەشەی كردووە (١٨٧٩) بەشێوەیەكی سەربەخۆ پێشتر چەندەها فەیلەسوف لێی كۆڵیونەتەوە هەروەكو لە سەرەوە ناومان هێنان .